بیرەوەریی

# من تەلەڤزیۆنی (سید الرئیس) م ناویٚ!

**حەمەفەریق حەسەن**
hemefarik@yahoo.dk

لەم پاژەی بیرەوەرییەکانمدا، سەربوردەی کۆبوونەوەیەکی فراوان دەگێڕمەوە، کە (153) نووسەرو هونەرمەندی شاری سلێمانیی تێیدا بەشداربوون. ئەم ژمارەیەش دەکاتە بەشی هەرەزۆری نووسەرو هونەرمەندانی ئەودەمەو هەرە ناسراوترینیان لەوێبوون. ئەوەندەی ئاگاداربم، بێجگە لەم زێدە ئازیزە ڕەوانشادانە ((شەهید دڵشاد مەریوانی، حەسیب قەرەداخی، کاکەی فەللاح، ڕەوف ئەحمەد ئالانی، حەزرەتی عەینحێبێ، عوسمان عەلی، عوسمان شەیدا، ئومێد ئاشنا، ئازاد شەوقی، ئیبراهیمی خەیات، سمکۆ عەزیز، عوسمان چێوار، کەمال سابیر، ماجیدی حەمەجوان، حسێن قەرەداخی و ولیەم یۆحەنا)) یادیان بەخێر، هەموو ئەوانی دیکە، هێشتا لەژیاندا ماون.

لە بەرپرسە کوردەکانیش، پارێزگاری ئەوسای سلێمانی (جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجی)و بەڕێوەبەری ڕۆشنبیریی جەماوەر (محەمەد ئەمین پێنجوێنی) هێشتا لە ژیاندا ماون.. لێردا زۆرم مەبەستە بڵێم، بۆ ڕاست و دروستی ئەم بیرەوەرییە، هێشتا لانیکەم سەدوچل شاهید لەو هونەرمەندو نووسەرانە زیندوون، بێجگە لە کاربەدەستانی حیزبی و حکوومیی دەورانی بەعس.

لەو بۆنەیەدا، هەرلە ئاژانسی دەنگوباسی عیراقەوە، کە نوێنەری لەدیوانی پارێزگە هەبوو، هەتا دەگاتە پەیامنێری ڕادیۆی کوردیی بەغداو تیڤیی تەئمیم (کەرکوک)و هەفتەنامەی هاوکاری و چەندین ڕۆژنامەی دیکەی عەرەبیی وڵاتی عیراق، لەو بۆنەیەدا ئامادەبوون. وێنەیان دەگرت و ڕاپۆرتی خۆیان دەنارد. ساڵ هەشتاو دوو یان هەشتاو سیٚ بوو. جەنگی نێوان عێراق و ئێران گەورم بوو. بەسەرێکی دیکە پێمیم بەچیاوە بوون. شەوانە دەهاتنە شارو دەستیان لەپێگەکانی دوژمن دەوەشاند. خەڵکی شار لەگەڵیاندا هاوئاهەنگ بوون، هەر لەدیوار نووسینەوە بگرە هەتا خۆپیشاندان، چالاکیی هەمەجۆریان دەنواند.. بەندە لەقوتابخانەی زەرگەتەی سەرەتایی مامۆستابووم. وەکیدی دوا سکرتێری ئیداریی لقی سلێمانیی یەکێتیی نووسەرانی کورد/ بووم. ئیدی ئەوەبوو دوای ئەو دەستەیەی ئێمە، ڕژێمی بەعس، بەبڕیارێک (ینک) واتە: یەکێتیی نووسەرانی کورد/ی هەڵوەشاند.

لەو دەمەدا نێوانی نووسەرو هونەرمەندانی سلێمانی بەلایەک، حکوومەت و حیزبی بەعسیش لەسلێمانی بەلایەکی دیکە، ئاڵۆزببوو. دەوڵەت لانیکەمیش بەتەنگ داواکانی ئەودەمی نووسەرو هونەرمەندانەوە نەبوو.. پارێزگاری سلێمانی (شێخ جەعفەر)و بەرپرسی یەکەمی پارتی بەعسیش (نجم عبدالله العراقي)و بەڕێوەبەری ڕۆشنبیریی جەماوەر (محمد أمین پێنجوێنی)و ژمارەیەکی زۆر، بەرپرسانی حکوومی و حیزبی لەو جڤینەدا ئامادەبوون. (نەجم) بۆ ئەو بۆنەیەو بەنیازی پیشاندانی هاوسۆزیی، دەستێک ڕانکوچۆغەی شینکیی لەبەرکردبوو..

مەبەستی سەرەکیی، لە گرێدانی ئەو کۆبوونەوە فراوانەش نەهێشتنی ئەو ساردییە بوو، کە لەمێژبوو کەوتبووە نێوانەوە.. ئێمەی نووسەرو هونەرمەندان بەفەرمی بانگکرابووین.. لیستیان ئامادەکردبوو. دەبوو ئامادەبووان ناوی خۆیانیان تێدا تۆماربکردایە.. کۆبوونەوەکەش لەهۆڵی کارگەی جگەرە بەڕێوەدەچوو. بەندەو چەند نووسەرێکی زۆر نزیکی یەکدی، لەسەر ئەوە ڕێککەوتبووین، لەم بۆنەیەدا بەدەنگ نەیەین. هۆیەکەیشی ئەوەبوو، ئێمە کەوتبووینە بەرچاوان و پێشتر لەزۆرێک لەو جۆرە بۆنانەدا، کە زیاتر بەنیازی گوێگرتن لەڕای خەڵکی بێلایەن و ڕووی ناسراوی شاری سلێمانی سازدرابوون، ئێمە گلەیی و بێزاریمان دەربڕیبوو..

سەرەتا پارێزگار دەستی بەقسان کرد. بەخێری هێناین و لەسەر جەنگی نێوان عیراق و ئێران زۆر ڕاوەستا.. داوای لێدەکردین هەریەکەو لەلایەن خۆیەوە بەهونەرو نووسین پشکداریی بکەین. ئەمە داوایەک بوو بەردەوام لەلایەن کاربەدەستانەوە لێمان دووبارەدەکرایەوە. وەلێ ئەو کەسەی (دوور لەڕووی خوێنەر) گوێ لەمست و بردەبار نەبوایە، ئەو جەنگە نارەوایەی پەسەند نەدەدا. لەکۆتایی قسەکانیدا وتی، ((سەید ئەلرەئیس خودا بیپارێزێ، سەرو تەلەڤزیۆنی بەدیاریی بۆ ناردوون..))

ئەم دیارییەی سەرۆک، کە تەلەڤزیۆنێکی ناشناڵی ڕەش و سپی بوو، لەبازاڕدا بایی هەشتا دینار بوو، بە نیازی کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ و ئاشتبوونەوە بوو. وەلێ یەکلەباری بەندە، لەهەناسەیەکدا هەرچی تاوانەکانی بەعس بوو بە شوێن یەکدا هاتنەوە پێش چاوم. ئەو بەڵێنەی لەگەڵ برادەرانمدا بەیەکمان دابوو پشتگوێم خست. هەردوای ئەوەی (شێخ جەعفەر)ی پارێزگار لەوتارەکەی بووەوە، هەڵسام و یەکبەخۆم هاوارمکرد؛ ((من تەلەڤزیۆنی سەید ئەلرەئیسم ناوی!))

ئەوی ڕاستی بێ ئەم هەڵوێستە لەخۆیدا مل لەچەقۆ ساوینەو کەسێک پێش بەندە، کاری وەها ((شێتانە))ی لێ نەوەشابۆوە، دیاریی سەددام ڕەتبکاتەوە.! چونکە ئەوەی ئەم کارەی لەدەست بهاتایە، دەبوو پێشتر وەسێتی کردبا! ئیدی هەردوای گۆکردنی ئەو ڕستەیە، ئامادەبوان و تەواوی کامێراکان فۆکۆسیان کردە سەر ڕووم. هۆڵەکەش وەک ماستی مەیو، نتم و بێدەنک، هەموولایەک چاوەڕوانی پێشهاتێک بوون. بۆخۆشم چاوەڕوانی ئەوەبووم ها ئێستا ها تاوێکی دیکە بەقۆڵبەستراوی بمبەن. بەڵام شتی وەها ڕووی نەدا. دڵنیام ئەگەر لەحزووری ئەفسەرێکی پۆلیس یانژی مفەووەزێکدا ئەم هەڵوێستەم نواندبا، ئەوا لانیکەم چەند ساڵێک زیندانییان بۆ دەبڕیمەوە. بەڵام هەردەم بەرەوڕووی بەرپرسی پایەبڵند، جا سەر بەهەر نەتەوەو پارتێک بن، مرۆڤ دەتوانی هەندێ جاران قسەی وەها ناماقووڵ بکا.

شێخ جەعفەر بەقسەکانم زۆر تێکچووبوو. ئەو بەنیازی ئاشتبوونەوە قووی بەناو نووسەرو هونەرمەندانداکردبوو، کەچی بەندە بوومە کۆسپ و ڕێگر.. چاوم لێبوو لێوی خۆی دەکرۆشت و سمێڵە ڕەشە چڕەکەی بەدەمدا دەبرد.. نۆرە هاتە سەر بەرپرسی یەکەمی بەعس لەسلێمانی ((نەجم عەبدوڵڵا ئەلعیراقی)).. دیاربوو ئەو چاوەڕوانی ئەم پەرچەکردارە ناجۆرەی بەندە نەبوو، بۆیە ئەوەی بەنیازبوو بیڵێ، فەرامۆشی کرد. بەبێزاری و پۆزلێدانەوە ئاوای وت: (( هەندێ کەس لەدەرەوە، لەلایەن دوژمن و بەکرێگیراوانەوە (عملاء) دنەدەدرێن و فوویان تێدەکرێ و گوێیان ئاو دەدرێ و لە ئێمە پڕدەکرێن، تاکو بێن، لێرە لافی نیشتمانپەروەریمان بەسەردا لێبدەن و هەڵوێستمان پێبفرۆشن. بەڵام ئەوانە زەعتووت نەبێ هیچی دیکە نین! فەرموو، ئازاگۆو ئازا مەیدان، ئەوانە لەکوێ بوون و چییان دەکرد کاتێ بەندە، لە بەرەبەیانی حەڤدەی تەمووزی شەستو هەشتدا، بەسواری تانکەوە لەگەڵ هاوڕێیاندا (رفاق) خۆم بەکۆشکی کۆماریدا کرد؟ بۆیە ئەو زەعتووتانە بۆیان نییە هەڵوێست بەئێمە بفرۆشن...))

ئەوی ڕاستی بێ ناوبراو، لەسەر ئەوەی یەکێک بوو لەڕاپەڕێنەرانی کودەتای شەستوهەشت، لەلایەن سەرکردایەتی بەعسەوە بەرزترین میداڵی وەرگرتبوو.. کاتێ زوو زوو وشەی (زەعتووت)ی دووبارەدەکردەوە، ئەوە لەگەڵ بەندەی بوو! بەڵام ڕاستییەکەی، بەندە پێوەندیم بەهیچ حیزب و لایەنێکەوە نەبوو. کەسیش دنەی نەدابووم. پێموایە ئەگەر ئەندامی هەر حیزبێکی کوردستانی بوومایە نەمدەوێرا وەها ڕەفتاربەکەم و لەو ڕۆژە ڕەشەدا ئەو جۆرە (ئەدەب)ەیش بنووسم، کە بەرچاوی زۆربەتان کەوتووە.

دواتر دەرگەی پرسیارو وەڵام کرایەوە. هونەرمەند ((حەمەڕەشی هەرەس)) چووە سەر مایکرۆفۆن، واتە چووە سەر هەمان مێز، کە نەجم و پارێزگاری لەسەربوون. هەرەس ڕووی کردبووە شێخ جەعفەری پارێزگارو بەدەست ئاماژەی بۆدەکردو وەهای دەفەرموو، ((ئەی ئەوە یاشێخ بۆچی باسی مێژووی کوردت نەکرد؟ یەعنی نازانی کە هەموو مێژووی کورد لە پرۆگرامی قوتابخانەکاندا، بریتی بوو لەچەند لاپەڕەک، ئەو چەند لاپەڕەیەش خۆتان خۆش و لایانبرد؟ ئەی گوایە بۆچی باسی دەرویێشەکانت نەکرد؟ تۆ زەویت بەدەرویێشەکانی

شێخ... دا، کەچی ئامادە نێت بەهونەرمەندانی بدەی..! یەعنی تۆ دەرویشت بەلاوە لەپێشترە هەتا هونەرمەند؟...))

ئەم وشە زبرو ڕەقانەی هونەرمەند حەمەڕەشی فریای منیش کەوتن، چونکە بووە هۆی ئەوەی فۆکۆس لەسەر بەندە کەمبکاتەوە، بەسەرێکی دیکەش مانای وایە کەسانی دیکەش لەنێوان توێژی نووسەرو هونەرمەنداندا هەن، لێیان بێنەدەنگ.

دوای ئەوەی هۆلی کۆبوونەوەکەمان جێهێشت و چووبووینە سەر ڕاستەشەقامی سالم، ڕێزدار ((کەریم زەند)) هاتە پاڵمەوەو ئاوای فەرموو، ((هەلوێستێکی هەتابلێی خەتەرناکت نواند، ئەگەر جەماعەت ئەو دیارییەیان قەبووڵ بێت ئەوا بەتەنیا دەمێنیتەوەو دلنیابە تێدادەچی، بەلام بزانە، بۆ پشتیوانی لەتۆ منیش ئەو دیارییە وەرناگرم!)) خۆشم نازانم لەسۆنگەی چییەوەبوو، ئەو پشتەوانییە گەرماوگەرمەم لەزۆر هونەرمەندو نووسەر چاوەڕوان دەکرد، بەلام لەمامۆستا کەریم نا؟ ڕەنگبێ لەو سۆنگەیەوە بووبێ ئەو زاتە لە هەمووومان بەتەمەنتربوو. بەلام وادیارە تەمەن نابێتە ڕێگری جوامێریی. بلا هەر زۆربن پیاوی جوامێر، بەتایبەت لە ڕۆژگاری ڕەشدا.

تەلەڤزیۆنەکان لە پاکەتدا، لە بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیریی بوون، کە ئەودەم بۆ ماوەیەک لەپاڵ پارێزگەی ئێستادا بوو، واتە بەرانبەر بەباخی گشتی بوو. ئەوانەی لەگەڵ ئەم هەلوێستەی بەندەدا نەبوون، دەچوون لەوێ سەرو دانەی خۆیان دەبردە مالەوەو پێی خەنی دەبوون. نووسەرێک پێدەزانم، لەبریی دانەیەک دوو دانەی دەستکەوت، یەکێک بەناوی خۆی و یەکێک بەناوی ژنەکەیەوە.. وەلێ زۆرێک هونەرمەندو نووسەران ئەو دیارییەیان قەبووڵ نەبوو.

بۆ شەوێ، (تەئمیم تیڤی)، لە دەنگوباسەکاندا، بێئەوەی ڕاستیی بەسەرهاتی ناو هۆلەکە بدرکێنی و بە ئەمانەتەوە ئەوەی لەو کۆڕەدا بەڕێوەچوو بۆ بینەرانی باسبکا، بە کۆبوونەوەیەکی تەواو سەرکەوتووی لەقەلەم داو باسی لە هەلوێستی حەمەڕەشی هەرەس و بەندە نەکرد. وەلێ لەسەر ئەو هەموو هونەرمەندو نووسەرەدا، کە ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، کامێرا بەزەقی ڕووی بەندەی دەهێنایە پێشەوە. لێتی ناشارمەوە دلم لەمستمدابوو. دەترسام بۆ لێپێچینەوە بانگم بکەن و... خۆ ئەوان (شاکر فەتەح)یان تەنیا لەسەر ئەوە شەهیدکرد، داوای لەدەولەت کردبوو لەگەڵ پێمیمدا گفتوگۆ هەلبژێرێ نەک جەنگ!

بۆ سبەی، مینا جاری جاران، سالدانە سالدانە ملی ڕێی قوتابخانەم گرت و چووم بەلای دەرس و دەوری ئاسایی خۆمەوە. ئالەو تافەدا، (کاتیبە)یەکی بەلەباریکەی قوتابخانەی زەرگەتە، کە هەمیشە لەگەڵ مێردە شێتەکەیدا لە شەڕدابوو، بێئەوەی ئاگای لەمەحمووی بێزەوادبێ.. هاتە پالمەوەو بە واقمانەوە پرسی؛ ((ئەمشەو لە جێیەکی سەیر جەنابتم بینی..! قەت چاوەڕوانی ئەوەم لێنەدەکردی لەناو ئا ئەوانەدا بتبینم مامۆستا! بەڕاست لەوێ چیتدەکرد؟!)) بەلێ ئەو خاتوونە، لە هەوالەکانی تەئمیم تیڤیدا، بەندەی لەناو ئەو عالیجەنابانەدا بینیبوو.! لە بێخەبەران کەشکەک سەلەوات!!

ئێستاش دوای بیستوچوار ساڵ لەو بەسەرهاتە، نەک هەربەندە، بەلکو زۆرێک لەو ئازیزانەی، لەو مێژووە تارک و نووتەکەدا چراوگ و ئاوروونکەرە بوون، دەربەدەرو ڕەهەندەی شارانن و کەسێ نییە پێیان بلێ کەرتان بەچەند؟ ئای کە بێوەفایە دەوران! کێ دەیکاو کێ دەیخوا؟.

July 12, 2007